گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەهەندەکانی بوون لە فەلسەفەی هایدیگەردا

**هەژان ملا حمدامین**
بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین ، هەلێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
su.edu.krd@Hazhan.hamadameen

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە**
وەرگرتن:٢٠٢٢/٣/١٣
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٥/٩
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Being, dasein, human, Dimention, Heidegger.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.21

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین بابەتی "بوون" لە بۆچوونی هایدیگەردا تاوتوێ بکەین. هایدیگەر بۆ باسکردن لە بابەتی "بوون" چەمکی "دازاین" بەکاردەهێنێت. بابەتی "بوون" لە فەلسەفەی یۆنانیەوە گرنگی هەبووە. فەلسەفە لە سەرەتاوە، یەکەم کێشە کە لەبارەیەوە توێژینەوەی کردووە کێشەی (بوون) بووە. ئەمەش لە یەکەم هەنگاوی (تالیس) و قوتابیەکانیدا دەردەکەوێت و لە مێژووی فەلسەفەدا درێژەی دەبێت. بەڵام لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەهۆی جیاوازی بۆچوونی فەیلەسوفەکان لەبارەی ئەم بابەتەوە، بەهاکەی جیاوازە. بۆ نمونە لە قۆناغی زێرینی فەلسەفەی یۆنانی(سوکرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ)دا، "بوون" فۆڕمی دوالیزم وەردەگرێت، لە فۆڕمی بنەمایی خۆی دادەبڕێنرێت. لەم ڕوانگەیەوە هایدیگەر پرسیاری 'مانای بوون' بەرز دەکاتەوە، کە بە لەبیرچووی دەزانێت و بەدوای بوونی تایبەتیدا دەگەڕێت. هایدیگەر پێیوایە "بوون" دوو فۆڕمی جیاوازی نیە، بەڵکو یەك ڕەهەندی هەیە کە (دازاین) گوزارشتی لێدەکات. ڕێبازی هایدیگەر –کە گوزارشتە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەیەکی نوێ بۆ "بوون" وەك میتۆدێك لەسەر بنەمای دیاردەناسی دامەزراوە، ئۆنتۆلۆژیایەکی بنەڕەتی دادەمەزرێت. بە واتایەکی تر هایدیگەر یەکەم فەیلەسوفە کە پەی بەوە دەبات بوون لە بەهای خۆی نامۆکراوە. بۆیە هەوڵدان لەسەر گەڕانەوە بۆ ئۆنتۆلۆجیا بە گرنگ دەزانێت. لەم توێژینەوەیەدا دەربارەی بابەتی "بوون" و واتاکانی لە فەلسەفەی هایدیگەردا، چەند ڕەهەندێکی جیاواز دەخەینەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

بە گەڕانەوەو وردبوونەوە لە لاپەرەکانی مێژووی فەلسەفە، ئەو خاڵەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە چەمکی بوون بە هەموو واتاو بەها جیاوازەکانیەوە پرسێکە لەنێوان ڕێبازو ڕەوتە جیاوازەکانی فەلسەفەدا جێگای لێکۆڵینەوە مشتومڕی جیاواز بووە. بێگومان ئەو شانازییە بۆ فەلسەفەی یۆنانی دەگەڕێتەوە کە ئەم پرسەیان تاوتوێ کردووە، کە دەسپێکەکەی بە (تالیس) دەستپێکردووە، ئەمەش تاوەکو فەلسەفەی نوێ بەرابەرایەتی (دێکارت1596-1650)، بە شێوەیەك درێژەی کێشاوە کە لێك نزیکی لەبارەی پرسی بوون لەنێوان بۆچوونی ڕێبازو ڕەوتەکاندا هەبووەو جیاوازییەکانیان پتر لە خاڵە لاوەکییەکاندا بووە نەك لە خاڵە جەوهەرییەکاندا. کاتێك فەلسەفەی هاوچەرخ-سەردەم سەرهەڵدەدات، لەچوارچێوەیدا ڕێبازی فەلسەفەی (ئێگزیستێنتیالیزم-بوونگەرایی) بە ڕابەرایەتی (سورێن ئابای کێرکیگارد1813-1855) دەستپێدەکات، واتاو بەهایەکی جیاوازو نوێ بە "بوون" دەبەخشیت. یەکەم هەنگاوی ئەم ڕێبازە فەلسەفەییە بە ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی هیگڵ دەبێت، چونکە هیگڵ بوونی وەك یەکەیەکی یەکگرتووی سەرتاپاگیر وێناکردووەو بوونی مرۆییانە تێیدا واتایەکی ئەو تۆی نەبووە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی پرانسیپی سەرەکی فەلسەفەی (ئێگزیستێنتیالیزم- بوونگەرایی) بووە، چونکە ئەم ڕێبازە خاڵی سەرەکی لێکۆڵینەوەی بریتیە لە "مرۆڤ" بە هەموو واتاو خەسڵەتەکانیەوە، کە پێیانوایە مرۆڤ وەك تاکە بوونەوەری هۆشیارو قسەکەر خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی بێوێنەیە کە لە هیچ جۆرە بوون و بوونەوەرێکی تردا بوونیان نیە. هایدیگەر وەك ڕابەرێکی سەرەکی ئەم ڕێبازە کۆشش دەکات بۆ ئەوەی نەریتی مێتافیزیکی دوو ڕەهەندی "دوالیزم" کە لە یۆنانەوە سەریهەڵداوە، هەڵوەشێنێتەوە چونکە پێیوایە ئەم نەریتە بوونی لە واتای ڕاستەقینەی خۆی دابڕیووەو نامۆیی کردووە. هایدیگەر مرۆڤ لە فۆڕمی "دازاین"دا دەکات بە پرسی لێکۆڵینەوەو دواتر هەنگاو دەنێت بۆ شیکردنەوەی هەردوو چەمکی "ڕەسەن و ناڕەسەن". ئێمە لێرەدا بە پشت بەستن بە کتێبی سەرەکی هایدیگەر (بوون و کات) هەوڵدەدەین بەهاو واتای پرسی بوون لە دیدی هایدیگەردا شیبکەینەوە. پرسیاری سەرەکی یاخود پرس و کێشەی جەوهەری توێژینەوەکەمان ئەوەیە (**هایدیگەر میراتی مێتافیزیکی پێش خۆی لەبارەی بوونەوە ڕەتدەکاتەوەو پێیوایە ئەم میراتە بوونی لە خۆی نامۆ کردووەو لە بەهای ڕاستەقینەی خۆی دابڕاندووە، بەڵام ئایا**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەستنەوەی بەهای بوون بە "دازاین"ەوە تا چەند ئەو بەهایەی بۆ بوون گێڕاوەتەوەو لە چوارچێوەی "دازاین"دا بوون چ واتایەکی جیاوازی وەرگرتووە؟** هەروەها دەربارەی میتۆدی توێژینەوە، ئێمە بە گەڕانەوە بۆ میتۆدی "شیکاریی" هەوڵدەدەین، لە ڕێگەی شیکردنەوەی خودی دەقەکانی هایدیگەرو هەروەها ئەو تێکستانەی لەبارەیەوە نوسراون پرسی "بوون" تاوتوێ بکەین و ئاوڕ لە ڕەهەندە جیاوازەکانی بدەینەوە.

## سەرەتایەکی مێژوویی بۆ چەمك و واتای بوون

مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی هۆشیار خاوەنی توانای بیرکردنەوەو پرسیارکردن و گوزارشتکردنە، هەر لەسەرەتاکانی مێژووەوە لەگەڵ بەرکەوتنی بە جیهانی دەورووبەری پرسیارو گومان و سەرسورمان لای دروست بووەو لەوە تێگەیشتووە کە پرسی ژیان بەگشتی نهێنیەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوە هەیە، لەو دەستپێکەوە گەڕان بۆ وەڵامی پرسیارە بەردەوامەکان دەستی پێکردووەو بۆ ئەم مەبەستە مرۆڤ ڕێگاو شێوازی جیاوازی تاقیکردۆتەوەو گرتۆتەبەر, بەمجۆرە قۆناغی جیاجیای لە بیرکردنەوە داهێناوە کە سەرەتایترینیان بریتی بووە لە ئەفسانە، ئەمە بەو واتایەی کە ((ئەفسانە یەکەم مەعریفەیە کە مرۆڤ بە دەستی هێناوە، تا بەهۆیەوە خۆیی و گەردوونیش بناسێتەوە.)) (قەزاز 2010، ل 20). بێگومان ئەو فۆڕمە لە بیرکردنەوە دەستپێك بووە، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی زانستی بۆ مرۆڤ نەبووەو نەتوانراوە لە ڕێگایەوە بەشێوەیەکی ورد پەی بە نهێنیەکانی بوون ببردرێت، چونکە لە خۆیدا ((مرۆڤ لە ئەفسانەدا شتێ دەهێنێتە پێش چاوی خۆی کە ناتوانێ بەڵگەی لە دەورووبەری خۆی بۆ بهێنێتەوە ئەفسانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤ لە یەکەم ساتی بیرکردنەوەی خۆیەوە، بە وێنە بیردەکاتەوەو بیرکردنەوە بنەمای خۆی لەسەر ئەو وێنانەوە دادەڕێژێت، کە پێش ئەوەی ئەزموون و فاکت و واقیعی دەرەکی بن وێنەی ناو سەری مرۆڤ خۆیین.)) (سیوەیلی، ترسان لە فەلسەفە 2020، ل 61).

بوون وەك یەکەیەکی سەرتاپاگیری هەمەکی کە هەموو شتێکی داگیرکردووە، زۆر ئاڵۆزەو بۆ مرۆڤ ئاسانیە بتوانێت پێناسەی بکات و لە تەواوی ڕەهەندەکانی تێبگات، بۆیە مرۆڤ هەر چەند لەبارەی بوونەوە بدوێ هێشتا بەشێکی بچوکی لە بوون تاوتوێ کردووەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە، چونکە بوون لە خۆیدا گوزارشت لە هەموو گەردوون دەکات کە بۆ مرۆڤ ئاسان نیە بتوانێت بەش و یەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوورو قوڵەکانی بگات، بۆیە ((ووشەی (بوون) بۆ پێناسەکردن نەشیاوە، چونکە ئەو خۆی بنچینەی هەموو پێناسەیەکە، کە ووتمان شتێك (ئەوە) ماناکەیەتی، هەر بەوەی کە ئەڵێین (ئەوە)یە، ئەوا ئێمە یەکەمجار و پێش هەموو شتێك سیفەتی (بوون)ی بۆ زیاد دەکەین، بەرلەوەی کە سیفەتەکانی تری دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی لە شتەکانی جگە لەخۆی، بۆ زیاد بکەین. ئایدیای (بوون) ئایدیایەکی سادەیە، بە ئاسانی پەی پێدەبەین ئەگەر وەکو واقیعێك کە تیایدا دەژین وەرمان گرت، بەڵام لەگەڵ سادەییەکەیدا لە گشتیبوون و هەمەکیبووندایە، یان وەکو (ئەرستۆ) وتوویەتی: (ئەو – بوون – لە هەموو شتەکان زیاتر گشتەکی و هەمەکی یە)، و ئەم گشتیبوون و هەمەکیبوونە، کە هیچی تر لە دوایانەوە نایەت، ئەو دووانەن کە وایان لە (پێناسە)ی بوون کردووە، شتێك بێت لە دەستی مرۆڤدا نەبێت: پێناسەکردن دەستنیشانکردنە، و گشتەکی و هەمەکیش بۆ دەستنیشانکردن نەشیاون، ئەگینا گشتەکیبوون و هەمەکیبوونەکەی لە دەست دەدات. (بوون) بەم واتایە، بریتی یە لەوەی کە فەیلەسووفەکان ناویان ناوە (بوونی ڕەها)، وەك جیاکردنەوەیەکی لە (بوونی دیاریکراو): واتە بوون یان لە بابەتدا یان لە خوددا، یان لە مادەدا یان لەڕۆحدا.)) (عبدولجەبار 2010، ل 55-56). فەلسەفە وەك شێوازێکی بەرزو گەشەکردووی بیرکردنەوەی مرۆڤ هەوڵیداوە لێکۆڵینەوە لەسەر بەهاو واتای بوون بکات و لەژێر ناونیشانی "بوونناسی-ئۆنتۆلۆجی" پۆلێنی ئەم لقەی فەلسەفە کراوە، کە ((بریتیە لە توێژینەوە لە بوون و هەبوو وەك ئەوەی کە هەیە، واتە توێژینەوە لە ژیان و بوون و ناسینی تایبەتمەندییەکانی و خەسڵەتە بنەمایی و نەگۆڕەکانی.)) ( (سیوەیلی 2012، ل 28).

لەبارەی لێکۆڵینەوە لە بنەمای بوون، ئەوەی کە بۆ مرۆڤ جێگای پرسیار بووە کێشەی یەکەم چرکەسات و شێوازی پەیدابوونی بوون بووە، کە ئایا بوون چۆن پەیدابووەو لە چیەوە پەیدا بووە، کەی پەیدا بووە؟ ئایا پەیوەندی بوون و کات چیە؟ ئەمە بووە بە هۆکار بۆ پەیدابوونی بیروڕای جیاوازو ناکۆك لەسەر پرسی "بوون" و شێوازو بنەمای پەیدابوونەکەی. بۆ نمونە لەنێوان فەلسەفەی یۆنانی و ئایینە ئیبراهیمیەکاندا کیشەی کۆن و نوێی جیهان بووە بەکێشەیەکی فراوان و هەمە لایەن، چونکە لە فەلسەفەی یۆنانیدا جیهان و بوون کۆنەو سەرەتایەك نیە بۆ پەیدابوونی و هەر هەبووە، بەڵام بەپێی ئایینە ئاسمانیەکان-بۆ نمونە ئایینی ئیسلام-جیهان سەرەتایەك هەیە بۆ پەیدابوونی و هەروەها لە هیچەوە پەیدا بووە. لەمێژووی کۆنی مرۆڤایەتیەوە تاوەکو ئێستاش ((کێشەی سەرەتای پەیدابوونی سروشت و جیهان و تێگەیشتنی جیهانی دەرەکی (نامن) کولتووری میللەتانی کردووە بە دوو بەش و

دوو بەرەوە: لەو دوو کولتوورەوە دوو چەمك کەوتوونەتەوە: چەمکی داهێنانی جیهان (خەلق)، چەمکی پەرەسەندن و پەیدابوون! یەکەمیان لە باوەشی ئەفسانە و داستان و ئایینەوە گۆشکراوە، ئەویدیکەیان نەمامێکە لە زەمینەی فەلسەفە و زانستدا شین بووە. ئەو دوو کولتوورە، هی گەلانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی، کە هەر ئایینیان هەبووە و هەموو کۆششێکیان سنووری داستان و لاهووتی نەبەزاندووە و ئەویتر هی گەلانی ڕۆژئاوای دەریای سپی بووە، کە لێکدانەوەی جیهانی دەوروویەر لەلایەن تاقیکردنەوەی بە هەردوو ڕەوشی ڕاست و چەوت تێکەڵی یەکتری کردووە! بەپێی ئەو ڕەوش و جیهاندیدە هزرییە جیاوازەی هەردوو ناوچە چەمکی بەکارهاتوو، کە دواتر بوونەتە کەرەستەی فەلسەفە و فەلسەفەی زانست، ئەوپەڕی لەیەکتری جیاوازن. لە کاتێکدا مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بیری لە ژیانی دوای مردن کردووەتەوە و ڕێگایەکی دروستی نەگرتۆتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی، مرۆڤی دەڤەرەکەی تر بە دەگمەن نەبێت بیری لە ژیانی دوای مردن نەکردۆتەوە!)) (عەزیز، لە فەلسەفەی سروشتەوە بەرەو فەلسەفەی زانست 2019، ل 3).

یۆنانیەکان وەك داهێنەری فەلسەفە سەرەتاو دەستپێکی لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانیان بە لێکۆڵینەوە لە "بوون" دەستپێکردووە، بۆ نمونە تالیس وەك یەکەم فەیلەسوف، پێیوابووە، ((هەوێن و بنچینەی هەموو شتێك "ئاو"ە، هەموو شتێك لە ئاو پەیدا دەبێت و ئەگەڕێتەوەو ئەبێ بە ئاو.)). (عەزیز، 2008، ل 67). بە هەمان شێوە قوتابیەکانیشی و بەشێك لە فەیلەسوفەکانی ڕەوت و قوتابخانەکانی تری پێش سوکراتیەکان هەر یەکە یەك یان چەند بنەمایەکیان بۆ "بوون" دیاریکردووە. ئەرستۆ لە فەلسەفەکەیدا بە تایبەتی لە شاکاری (فەلسەفەی یەکەم)دا تاوتوێی بیروبۆچوونی ئەو فەیلەسوفانەی کردووەو ڕەخنەو سەرنجی خۆی لەسەریان خستۆتەڕوو، کە وای بۆ دەچێت هەوڵەکانیان بە تەواوی ئامانجی خۆی نەپێکاوەو هەر یەکەیان لە ڕەهەندو گۆشەیەکەوە سەرنجی بوونیان داوە، جگە لە پارمەنیدس کە واتایەکی جیاوازی بە بوون بەخشیووە ((بە دیدی ئەو لەگەڵ بووندا نەبوون نیەو بوون یەك شتی پێویستەو هیچی دی بێجگە لە بوون نیە.)) (ئەرستۆ 2008، ل 29). کۆششەکانی ئەرستۆ لەم بارەیەوە جێگای بایەخن و لە زۆر بنەماو بۆچووندا پێچەوانەی پێش خۆی بیر دەکاتەوە. لە بارەی بوونەوە پتر ڕوو لە واقیع دەکات و دوور دەکەوێتەوە لە جۆرێك لە فۆرمی ئایدیالانە بۆ پێناسەکردنی بوون. ((بۆ ئەو (بوون) فرە واتاو ئاڵۆز بووە. ئەو بنەمایەی دەبێت بە بابەتی توێژینەوەی ئەم زانستە، پێویستە سادەو واتا-کراوە بێت.)) (کەمال، مێتافیزیکی ئەرستۆ 2016، ل 47). لە دوای ئەرستۆو هەتاوەکو

سەردەمی دیکارتیش لیکۆڵینەوە لە بابەتی (بوون) پتر بە ئاراستەیەکی نزیك و هاوتەریب ڕۆیشتووە، بەڵام لەگەڵ کۆتایی هاتن بە فەلسەفەی نوێ و سەرهەڵدانی فەلسەفەی هاوچەرخ و لەناویشیدا ڕێبازی فەلسەفەی ئێگزیستێنتیالیزم، گۆڕانکاری بەسەر پێناسەو واتای (بوون)دا هاتووە.

**بوون لە فەلسەفەی هایدیگەردا**

## تەوەری یەکەم: بوونی دازاین

بێگومان هەموو فەیلەسوفانی فەلسەفەی ئێگزیستێنتیالیزم، هەڵگری هەمان ئەو میراتەن کە ڕابەری فەلسەفەی ئێگزیستێنتیالیزم (کێرکیرگارد)، لە دژی فەلسەفەی هیگڵ و دوالیزمیەت-دوانەیی بونیادی نا، بەڵام ئەوە بەو واتایە نیە کە وەکو خۆی بیروبۆچوونەکانی ئەو فەیلەسوفەیان دووبارە کردبیتەوە. بە پێچەوانەوە لە زۆر بنەماو خاڵی جەوهەریدا ناکۆکی هەبووە لە نێوانیان. بۆ نمونە کیرکیگارد ڕابەرێتی ڕەوتی باوەڕدار دەکات، بەڵام هایدیگەرو سارتر بە پێچەوانەوە ڕابەری ڕەوتی بێباوەڕن. هادیگەر ((فەیلەسوفێکە لەو فەیلەسوفانەی بەوە ناسراوە، کە لە فەلسەفەکەیدا بە جۆرێك بۆچوونەکانی دەردەبڕێ تا ڕادەیەکی سەرنجڕاکێش لە هەموو فەیلەسوفە ئێگزیستێنتیالیزمەکانی دیکە ئاڵۆزتر و قوڵتر لە واتای بوونی مرۆیی کۆڵیوەتەوە، بەڵام تەنیا هەر لە خودی تاکی مرۆڤدا کورتی نەکردۆتەوە، بەڵکو بە ڕێگای لێکۆڵینەوەی بنەمای بوون پێداچوونەوەیەکی وردی بە مێژووی فەلسەفەدا کردووە، ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە لە ئەفلاتونەوە، تاوەکو کۆتایی فەلسەفەی نوێ و سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ لێکۆڵینەوە لە بنەمای بنەڕەتی و پرسیاری سەرەکی بوون لە بیرچۆتەوە یاخود پشتگوێخراوە، چونکە ئەوەی لێی کۆڵدراوەتەوە بنەمای بوون نەبووە، بەڵکو لایەنێکی بوون بووە و ئەو بوونەش بەهۆی ئەوەی بۆ هێزێکی سەروسروشتی گێردراوەتەوە یان سیستەمی دوالیزمی بەسەردا سەپێنراوە کە بوونەکەی بۆ لایەنی مادەیی و گیانی دابەشکردووە ڕەوش و بارودۆخێکی بەسەردا سەپێنراوە، لە خۆی نامۆ کراوە.)) (مصطفى 2016، ل 53). هایدیگەر وای بۆچووە کە بەهۆی ئەو دابەشکارییەی ئەفلاتون کە بۆ جیهان و بوونی کردووە (جیهانی سێبەر و جیهانی نمونەیی-ئایدیالی)، وایکردووە کە بوون لە جەوهەرو بەهای ڕاستەقینەی خۆی دابڕێنرێت و بشێوێت، بۆیە بە بڕوای هایدیگەر لە جیاتی بایەخدان بە بوونێك کە ئایدیالەو هەروەها بوونێك کە سێبەرە، پێویستە بایەخ بە بوونی ڕاستەقینە بدەین کە ئەویش بوونی مرۆڤە کە لە فۆڕمی (دازاین)دا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باسی دەکات. ئەو بوونە هۆشیارەو خاوەن پرۆژەو پرسیاری بەردەوامە، (( پرسیارکردن دەستەڵات و خەسڵەتێکی مرۆڤانەیە، خولیای گەڕان و توێژینەوە و تێگەیشتن لە شتە نەناسراو و نەزانراوەکان دەردەخات و ئارەزووی هەڵوەشاندنەوەی دۆگما(چەقبەستوویی) دامەزراوەکانیشە. ئاماژە بۆ دەستەڵاتی هەڵوەشاندنەوەو دامەزراندن لە بوونی تێگەیشتنمان لە بوون و واتای بوون لە نێو کاڵایەکی مرۆڤدا دەکات. مرۆڤ لە پرسیارکردندا دەستەڵاتی خۆی بەرجەستە دەکات و لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی دۆگمایەکی باو و دۆزینەوەی نەزانراوێکدا دەیخاتەگەڕ)) (کەمال 2007، ل 52). لێرەدا بوونی دازاین پتر وەك بوونێکی کاراو زیندوو، بوونێك کە داینامیکیەو پڕ جوڵەیە وێنا دەکرێت کە ئەمەش ناکرێت و لۆجیکی نیە لە هیچ جۆرە هەبوویەکی دیکەدا هەبێت، بۆیە ئەمە تاکە خەسلەتەو مۆرکێکە تایبەتە بە (دازاین) یان(-بوون-لێرە)، یان بوونی (من)، چونکە ((ئەو بوونەی بۆ دازاین دەبێت بە کێشە لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی منە، کەوابوو نابێ دازاین بە حاڵەت و نمونەی جۆرێکی گەورەی هەبووەکان، وەکو بابەتێکی دەرەکی ئامادە بوو دابنرێت. ئەمجۆرە هەبووانە لە بوونیاندا جیاناکرێنەوە؛ یان بە تەواوی، بەو شێوەیە هەن، کە نە جیادەکرێنەوە نە ئەمکارەش بە پێچەوانەوە دەکرێت. دازاین، لە هەموو حاڵەتێکدا و هەمیشە بوونی-منە. کاتێك باسی دازاین دەکەین، پێویستە ڕاناوی، وەکو ( من ) یان ( تۆ ) ی بۆ بەکاربهێنین)) (هایدیگەر 2013، ل 94). هایدیگەر بۆ بوونی (دازاین) ڕاناوی (من و تۆ) بەکاردەهێنێت، کە ئەم جۆرە ڕاناوانە تایبەتن بە مرۆڤ واتا بە (دازاین) و ناکرێ بەسەر هیچ جۆرە بوونێکی تردا جێبەجێ بکرێن. بۆ نمونە هایدیگەر لەو بارەیەوە لە دەقێکی تردا دەڵێت: (( من- لێرە ) واتای خۆیەکی تایبەتی، وەکو شت نابەخشێت، بەڵکو بوونە- لە نێو یان لەوێدا. (لە وێدا)ش ئەو شوێنەیە دازاین بە نیگەرانیەوە تێیدا نیشتەجێ دەبێت.)) (هایدیگەر 2013، ل 188). ئەمە هەنگاوی یەکەم و بنەڕەتیە بۆ جیاکردنەوەی بوونی مرۆییانە لە هەموو جۆرە هەبووەکانی تر کە لە چوارچێوەی گشتێتی بووندا ئامادەن، بە واتایەکی تر لەم هەنگاوەدا هایدیگەر بنەڕەتێتی بوونی (دازاین) دەخاتە پێش هەموو جۆرە هەبووەکانی ترەوە، بۆ ئەمەش بەڵگەی لۆجیکی ئەخاتە بەردەست ئەویش لەوەدا کە بوونی مرۆڤ (دازاین) پەیوەستە بە کۆمەڵێك خەسڵەت کە لە بوونەکانی تردا نیە، بۆ نمونە هۆشیاریی، پرسیارکردن، نیگەرانی، ئاگایی بە ڕووداوەکانی ژیان و هەروەها ڕۆیشتن بەرەو پیری مردن، ئەمانە هەمووی ئەبنە هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان بوونی مرۆڤ (دازاین) و هەبووەکانی تری ناو جیهان. ((مرۆڤ تەنیا خۆی بوونەکەی گەوهەرییە. بەرد هەیە، بەڵام بوونەکەی گەوهەری نییە. ئەسپ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە، بەڵام بوونەکەی گەوهەری نییە. خودا هەیە، بەڵام بوونەکەی گەوهەری نییە. ئەم ڕستەیە " مرۆڤ تەنیا خۆی بوونی گەوهەری هەیە." بە هیچ جۆرێك مانای ئەوە نییە، کە تەنیا هەر مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕاستەقینەیە و هەموو بوونەوەرەکانی تر ناواقیعین و تەنیا هەر ڕوخسارن یاخود بۆچوونی مرۆڤن. ئەم دەستەواژەیە: " مرۆڤ بوونی گەوهەرییە." وادەگەیەنێ مرۆڤ ئەو تاکە بوونەوەرەیە، بوونەکەی بەهۆی لە ناوەکیی وەستانی ڕاشکاوییدا لە نەشاراوەیی بووندا لە بوونەوەیە، لە بووندایە و تایبەتمەندی خۆی هەیە.)). (هایدیگەر 2013، ل 112-113). لێرەدا هایدیگەر لە دانانی مرۆڤ (دازاین) وەك بوونێك لە پێش هەموو هەبووەکانەوە، هەوڵیداوە واتای بوون وەك بنەمایەکی ڕاستەقینە لەو واتایەی لە فەلسەفەی ئەفلاتونەوە تا هیگڵ بە بەریدا کراوەو لە بەهای ڕاستەقینەی خۆی دابڕێنراوە ڕزگار بکات، چونکە بەپێی فەلسەفەی ئەو فەیلەسوفانە مرۆڤ نەك تەنیا بوونێکی باڵاو جەوهەری نیە، بەڵکو بوونێکی تواوەوەیە لە چوارچێوەی گشتی هەبووەکاندا، بە واتایەکی تر لە ئەفلاتونەوە بۆ هیگڵ لە بابەتی بووندا واتا بە کۆمەڵێك شت بەخشراوەو لە پێش مرۆڤ دانراون کە تەواو مێتافیزیکین (سەرووسروشت) و پتر لەچوارچێوەی یۆتۆپیا (خەیاڵ) دان نەك ڕاستەقینە بن، بۆ نمونە جیهانی ئایدیا (نمونە)کانی ئەفلاتون، یان گەشەو پەرەسەندنی رۆح لە مێژوودا لە فەلسەفەی هیگڵ دا، ئەمەش وایکردووە مرۆڤ لەو چوارچێوەیەدا بوونێکی بێ بایەخکراو بێت، بۆ نمونە لە فەلسەفەی هیگڵ دا ئەوەی ڕۆڵ دەگێڕێ لە مێژوو و ڕووداوەکاندا بوونی مرۆڤ نیە، بەڵکو رۆحێکی باڵای شاراوەیەو هەموو شتێك بەوپێیە بەرەو پێشەوە دەچێت کە ئەو رۆحە باڵایە دەیخوازێت، بە پێچەوانەوە مرۆڤ تەنیا سوتەمەنیە بۆ خۆشکردنی ئاگری ڕووداوەکانی مێژوو. ئەمە لە کاتێکدا مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەتە کە نمونەیی و دانسقەن، فەلسەفەی ئێگزیستێنتیالیزم-بوونگەرایی و لەناوشیاندا هایدیگەر ئەو خەسڵەتانە دەکاتە بەڵگە بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵ بۆ مرۆڤ، بۆ نمونە مرۆڤ (دازاین) ((خەسڵەتی نیگەرانی تەنیا هی خۆیەتی و بەسەر بوونەکانی تردا ناسەپێت، چونکە دازاین وەك بوونێکی خاوەن پرسیارو هۆشیار، لە هەمانکاتدا وەك بوونێکی ناتەواو و ناجێگیر، کە بەردەوام لە پڕۆسەی لێ زیادبوون و کەمبووندایە و خاوەنی پڕۆژە و ئەگەرە بە نیگەرانیەوە ڕووەو پڕۆژەو ئەگەرەکانی دەچێت و لە چوارچێوەی چەمکی کاتدا رابردوو و ئێستاو داهاتوو گرنگی خۆیان بۆی هەیە و ڕاستەوخۆ بەو بوونە ناجێگیر و پڕ دایناميکیەتەی بوونی دازاینەوە بەستراون، بەڵام لە بەرامبەردا بوونەکانی تر، جگە لە دازاین خاوەنی یەك شێوەو ڕووخساری بوونن، کات و شوێن بۆ ئەوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتایەکی نییە، چونکە هیچ پرۆسەیەکی گۆڕان و لێ زیاد بوون و کەمبوون لە بوونیاندا ڕوونادات، بەڵام ئەوە واتای نەبوونیان نیە.)) (مصطفی 2016، ل 55). ئەو هەوڵەی هایدیگەر دەربارەی بابەتی بوون، بوو بە هۆکاری دابڕانێکی فراوان لەگەڵ مێژووی پێش خۆیدا، چونکە سەر لەنوێ بەهای ئەو چەمکەی دارشتەوەو واتایەکی نوێی پێ بەخشی کە تەواو جیاواز بوو لەگەڵ پێش خۆی، ئەمەش وایکرد بە خێرایی کتێبە مەزکەی هایدیگەر ((بوون و کات)) کە تەرخانکراوە بۆ بابەتی بوون و گێڕانەوەی بەهای ڕاستەقینە بۆ بوون، دەنگدانەوەی هەبێت، چونکە کتێبەکە بە جۆرێك لە واتایی بوون و ڕەهەندەکانی قوڵدەبێتەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازە لە پێش خۆیی و ناکەوێتە ژێر کاریگەری دووبارەکردنەوەی فەلسەفەی پێش خۆی دەربارەی بوون، چونکە (( هایدیگەر توانی بەسەر لەنوێ بەکارهێنانەوەی، مانایەکی ئەوەندە نوێی پێ ببەخشێت، کە لە ڕەگ و ڕیشەوە بیگۆڕێت.)) (نوسەر 2018، ل 123).

لە بۆچوونی هایدیگەردا بوونی هەبووەکان لە خۆیدا جێگیرو نەگۆڕە، نە لێیان کەم دەبێ و نەلێیان زیاد دەبێت، نە دەپرسن و نە هۆشیاریان بە خۆیان و جیهانی دەورووبەریان هەیە، بوونیشیان لە خاڵێکدا وەستاوە، بەڵام ئەمە بۆ دازاین بە تەواوی پێچەوانەیە، چونکە دازاین بوونێکی دایناامیکی (هەمیشە جوڵاوە)، خواست و ویستی بەردەوامی هەیەو یاخیە، لە خاڵێکدا ناوەستێت و لە پرسیارکردن ناکەوێت، هەموو ئەمانەش لەوەوە دێت کە ئەو بوونە (دازاین) لە خۆیدا خەسڵەتی ناتەواوی و کوموکوڕی هەڵگرتووە، ئامانجی ئەوەیە ئەو کەمووکوڕیانە (ناتەواوی) تەواو بکات و بیگەیەنێت بە پلەی کامڵبوون، واتا دازاین ((بوونێکە ناتەواو و ئاگامەندانە هەوڵی تەواوبوون دەدات و پرۆژەکان بە ئەنجام دەگەیەنێت، تایبەتمەندێتی ئەو بوونە ڕێگەمان نادات لە تەفسیرکردنیدا بۆ تێگەیشتن لە بوونی، ئەو کاتیگۆرییانە بەکاربهێنین کە بۆ ناسینی هەبوویەك دەخرێنەگەڕ.)) (کەمال 2004، ل 66). لێرەوە دازاین خاوەنی پرۆژەیەو بەردەوام پرۆژەکانی نوێدەکاتەوە، چونکە هەرگیز لەسەر یەك برۆژە ناوەستێت، واتا ڕازی نیە مانەوەو جێگیربوون لەسەر پرۆژەیەك بەڵکو هەمیشە پرۆژەو بیرۆکەی نوێ پێشکەش دەکات، ئەمەش هۆکاربووە بۆ گەشەو بەرەوپێشچوونی مێژووی مرۆڤایەتی، بە واتایەکی تر داهێنان خەسڵەتێکە دازاین بوونیادی دەنێ و بەرەو پێشی دەبات، ئەمەش لێرەدا ئەکرێت وەك خاڵی جیاکەرەوەی هایدیگەر لەگەڵ پێش خۆی دیاری بکرێت، بۆ نمونە هایدیگەر

وەکو هیگڵ پرۆسەی گەشەکردنی مێژوو ناگەڕێنێتەوە بۆ هێزێکی رۆحی باڵا لە مێژوودا، بەڵکو ئەو ڕۆڵە بە مرۆڤ خۆی دەبەخشێت و دەیکات بە سەرداری ئەو پرۆسەو پەرەسەندنە.

## تەوەری دووەم: دازاین و بوونی ڕەسەن و ناڕەسەن

بێگومان ئێمە کاتێك باس لە بوون لە فەلسەفەی هایدیگەردا دەکەین، ڕاستەوخۆ مەبەستمان بوونە لە فۆڕمی (دازاین)دا چونکە هایدیگەر لە ڕێگەی باسکردن لە (دازاین)، بەهای بوون ڕووندەکاتەوە. دازاین هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەتە یان کۆمەڵێك بارو ڕەوش و فۆرمی جیاجیا وەردەگرێت، ئەویش لە پرۆسەی بەرکەوتنی لەگەڵ ئەوانیترو جیهانی دەوروبەردا. جیهان ڕۆڵی هەیە لەسەر بوونی (دازاین) بەڵام ئەو ڕۆڵە نیە کە لە فەلسەفەی ئەفلاتون هەتا فەلسەفەی هیگڵ باسکراوەو بەهاکەی بەسەر مرۆڤدا بەرزکراوەتەوەو مرۆڤ لە چوارچێوەیدا رۆڵێکی ئەوتۆی نیە. لە بۆچوونی هایدیگەردا ((جیهان، دازاین و هەبووەکانی نێو جیهان پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجیانەن و نزیکترن لە ئێمە: بەڵام ناتوانین بناغە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەکەمان لەگەڵیاندا فینۆمینالانە (دیاردەییانە) مسۆگەر بکەین، ئەگەر لە هەبوەکانی نێو جیهانەوە یان لەو زانینە دروستەی سەبارەت هەبووەکان هەمانە، دەستپێبکەین. بۆچوونەکانمان لەسەر دیکارت ئەمەی ئاشکرا کردووە. ئەگەر ئەو خاڵەشمان بیرنەکەوێتەوە، کە شوێنمان بەیەکێك لە پێکهاتەکانی هەبووەکانی نێو جیهان داناوە، شیکردنەوەکەی دیکارت بە ڕاددەیەك دەپارێزین. کاتێك دیکارت ڕادیکالانە (بنەماییانە) "درێژبوونەوە"ی بە پێشمەرج بۆ هەموو تەنێك دانا، زەمینەی بۆ تێگەیشتنی شتێکی "لە پێشتر" خۆشکرد، کە کانت زۆرتر خۆی پێوە ماندوو کرد، بە کەموکورتیەکانیشیەوە، "درێژبوونەوە" بە گوێنەدانی بەڕاقەکردنی بوونی درێژبوونەوەوە نەبەستراوە. دانانی "درێژبوونەوە" بە خەسڵەتی بنەڕەتی جیهان بەڵگەی فینۆمینالی (دیاردەیی) خۆی هەیە. هەر چەندە پشت بەستن بەمە شوێنی جیهان و شوێنی ئەو هەبوانەی لە ژینگەدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە، تەنانەت شوێنی دازاینیش ئۆنتۆلۆجیانە بە ئێمە ناناسێنێت.)) (هایدیگەر 2013، ل 164). هەموو ئەو هەوڵانەی هایدیگەر لەچوارچێوەی ڕەخنەگرتن لە پێش خۆی و پێدان یان بەخشینی ڕۆڵی سەرەکی بە دازاین، لەوەوەیە کە (دازاین) خاوەنی ڕاستەقینە یان هەڵگری بەها ڕاستەقینەو دانسقە (نمونەیی-بێهاوتا)کانە کە لە هیچ جۆرە هەبوویەکی تردا نین. خەسڵەتی هۆشیاریی و هیوا خواستن بۆ زانین ڕەگێکە تەنیا مرۆڤ هەیەتی و خاوەنیەتی، چونکە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی وەك هەر ئاژەڵ و

بوونەوەرێکی تر غەریزەی (تینوێتی، برسێتی، حەزی سێکسی) هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا (ئیرادەو ویست)یشی هەیە کە لە هیچ جۆرە هەبوویەکی تردا نیە. ئیرادەو ویست هاندەری پرسیارو داهێنان، بۆیە (( مرۆڤ لە فەلسەفەی هایدیگەرو لە فەلسەفەی بوونگەراییدا بەشێوەیەکی گشتی، دروستکەری خودی خۆیەتی، هەر ئەمەشە یەکەمین سیفەتی بوونی ڕەسەن و ڕاستەقینە. واتە ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێت ببێت بە خودی خۆی. ئەمەش ئەو شتەیە کە هایدیگەر بە خودێتی ناوی دەبات. ئەم خودێتیەش وەك پێشتر بینیمان بابەتێکی بەرجەستە نیە، بەڵکو خودێتی تواناو ئەگەرێکی پەتیە واتە مرۆڤ دەشێت و دەتوانێت یان ڕەنگە نەشێت و نەتوانێت ببێت بە خودی خۆی، چونکە خودێتی ئامانجێکە دەخوازێت و سیفەتێکە هەوڵی پەیداکردنی دەدەین. ڕەنگە لەو هەوڵەشماندا نائومێد بین یاخود لەمپەرە هەمە جۆرەکان ڕێگەمان پێنەدەن کە بە ئامانجی خوازراو ڕابگەین.)) (عبدولعەزیز 2005، ل 79)

ئەمە هەنگاوی سەرەتاو دەستپێکە کە لێیەوە هایدیگەر باس لە هەردوو خەسڵەتی (ڕەسەن) و (ناڕەسەن) دەکات و لە پەیوەندیدا بە (دازاین)ەوە شیکردنەوەی بۆ دەکات. بەگشتی بۆچوونی ئێگزیستەکان لەبارەی مرۆڤەوە لە پەیوەندیدا بە بەهای (ڕەسەنێتی) ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە (دازاین) خەسڵەتی سەربەستی هەڵگرتووەو پەیوەست نیە بە هیچ جۆرە هێزێکی مێتافیزیکی و دەرەکی و هیواو خواستەکانی و پرۆژەکانی لەسەر بنەمای تواناکانی خۆی بونیاد دەنێت، نەك پشت بە دەرەوەی خۆی ببەستێت. تەنانەت مرۆڤی ڕەسەن پەیوەست نابێت بە هیچ جۆرە هێزو دەستەڵاتێکی دنیاییش کە هەوڵی بەربەستکردن و کۆنترۆڵکردنی ئازادیەکانی مرۆڤ بکات، بۆیە دەبینین لە پەیوەندیدا بەو بابەتەوە سارتر (1905-1980)، یەکێك لەو فەیلەسوفانەیە کە ڕاستەوخۆ پشتگیری بۆ شۆڕشی خوێندکارانی (1968) لە فەرەنسا دەردەبڕێ و بەشداری دەکات، ئەمەش لەو خواستەوە دێت کە فەلسەفەی ئێگزیستێنتیالیزم لەبارەی ئازادی و خواستی سەربەستی مرۆڤەوە پێداگری لەسەر دەکات.

بە بۆچوونی هایدیگەر سەربەستی و ڕەسەنیەتی پێکەوە بەستراون، مرۆڤ ئەبێ بە تەواوی سەربەست و دابڕاو- لێرەدا مەبەستمان گۆشەگیری نیە- بێت لە جیهانی دەورووبەر ئینجا ئەتوانێت تەواو ڕەسەن بێت. ((مرۆڤ ئۆنتۆلۆجیانە ڕەسەنە، ئێمە کە لە دایك دەبین خاوەنی هیچ جەوهەرێکی نەگۆڕ نین، بە نەبوونیەوە لە دایك دەبین، دەمانەوێت ڕێگای خۆمان بگرین تاوەکو بوونی خۆمان پڕ بکەینەوە، گەر من ڕەسەنانە بژیم خۆم دەمەوێت بگەم بە بوونی خۆم، ئەگەرەکانم دەکەم بە پرۆژە،

ڕێگا نادەم کەسێکی دیکە پرۆژەکانم بۆ هەڵبژێرێت و بڕیار لەسەر پرۆژەکانم بدرێت، کەواتە من بوونی ڕەسەنم.)). (ئەحمەد 2014، ل 27-28). ئەم تێکستە گوازشت لەو بەهایە دەکات کە مرۆڤ بوونێکە بە بەنوونەوە دێتە دنیاوە، واتا شتێکە هیچ بناغەیەك یان بیرۆکەیەکی پێشینەی نیە، بەو واتایەی کە لە پێشوەختەدا نەخشەکەی بوونەکەی دانەڕێژراوە، بەڵکو بوونی دەکەوێتە پێش ماهیەت (چیەتی)یەوە. ئەو بەهایە مرۆڤی ڕەسەن هەڵگریەتی، چونکە لەگەڵ بوونیدا نەخشەو پرۆژەکانی دادەڕێژێت و خودیانە بڕیاریان لەسەر دەدات، بەرەو پێشیان دەبات و هەڵیاندەوەشێنێتەوەو دووبارەو لەنوێ بە فۆڕمی تازەو بە بیرۆکەی نوێوە بونیادیان دەنێتەوە، ((ئەگەر وردبوونەوەی زیاترمان بوێت، پێویستە بڵێین بوون ئەوەیە، کە مرۆڤ خۆی خۆی هەڵدەبژێرێت، هەڵکەوت (واقیع) ئەوەیە، کە مرۆڤ جگە لە خۆی هیچی تر هەڵنابژێرێت. هەڵبژاردن لە یەککاتدا هەم ئازادانەیەو هەم تۆبزی و زۆرەملێیە.)) (جولفیة 1988، ص 39). هایدیگەر بۆچوونی وایە کە مرۆڤی ڕەسەن پێویست دەکات تەنیا دەربارەی خۆی هۆشیارو هەستیار یان نیگەران نەبێت، بەڵکو ئەگەر خەسڵەتی ڕەسەنیەتی بە تەواوی لە خۆیدا ڕەنگپێداوە، ئەو کاتە هەموو مرۆڤایەتی و هەموو کێشە مرۆییەکان بۆ ئەو دەبنە جێگای بایەخ پێدان و سەرنج. بەم جۆرە ئاستی نیگەرانیەکەی ورد دەکاتەوە بۆ هەموو ئاستەکانی ژیان لە پەیوەندیدا بە خۆی و هەموو مرۆڤایەتیەوە، (( کەسایەتی ڕەسەن یان بوونی ڕەسەن لە هەڵسوکەوتەکانیدا بوونگەرایی هەیە کەپەیوەندی هەیە بە سروشتی مرۆڤانەوە، چالاکانە پەیڕەوی پێویستیە سایکۆلۆجیەکانی دەکات گوزارشتیان لێدەکات ئەو کاتەی کە پەیوەندیان هەیە بە " لۆجیکی سیمبۆڵی و خەیاڵ فراوانی و بڕیاردەرکردن و بۆچوون دەربڕین" بەشێوەیەکی چالاکانە ڕادەپەڕێنێت ئەمەش کار دەکاتە سەر فراوانبوونی زانینی کۆمەڵایەتی و بایەلۆجی کەسایەتی ڕەسەن و پێگەیشتوو کە توانای گۆڕانی بەردەوامی هەیە لە ڕابردووی خۆی و ئێستای پەشیمان نیە. بەردەوام ئاراستەی بۆ دوا ڕۆژە کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ، ئەمەش وەك پێویستیەکی ژیانی چالاکانەی خۆی دەیبینێ.)). (ستراتێرن 2015، ل 106).

کەواتە لەبارەی دازاین و جیاکردنەوەی لە هەر بوونێکی تر ئەتوانین بە پلەی یەکەم پێداگری لەسەر بەهای (هۆشیاریی-ئاگایی، تێگەیشتن) بکەین، کە بەهۆیەوە دازاین لێکدانەوە بۆ بوونی خۆیی و جیهان دەکات، ئەم لێکدانەوانە پرۆسەیەکن تێکەڵ بە خەیاڵ. مێژوویی مرۆڤایەتی و هەموو داهێنانەکانیش سەرەتاکەیان لە خەیاڵەوە بووە، واتا زاناکان و داهێنەران بەرلەوەی شتێك دابهێنن یان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە واقیعی بكەن، سەرەتا لەچوارچێوەی سنوورەكانی خەیاڵیاندا لێكدانەوە بۆ ئەو شتە ئەكەن و وێنای ئەكەن. بێگومان هۆشیاریی-تێگەیشتن وەك چاویلكەیەك وایە ڕێگاكان بۆ دازاین رووناك دەكاتەوە، لە هەمانكاتدا، نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت كە كاتێك ((تێگەیشتن دەبێت بە پێشمەرجێكی ئۆنتۆلۆجی و خەسڵەتێكی بنەڕەتی دازاین، لێرەدا تێگەیشتن بەشێك لە "هۆش" ی مرۆڤ بۆ دروستكردنی بیرۆكەكان و لایەنێكی ئیپستمۆلۆجی نیە، لە بوونیادی بوونی مرۆڤدا بناغەی ئۆنتۆلۆجی خۆی هەیە، بۆ هایدیگەر مرۆڤ بە تێگەیشتنەوە دەژی هەیە... تێگەیشتن پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بوونی هێزەكی دازاینە، بە جۆرێكە كە لە ڕێگەیەوە ئەو هەبووە لەنێو بوونیدا توانای خۆی دەردەخات، بەم دەستەڵات و توانایەوە مرۆڤی ڕەسەن بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێت.)) (كەمال 2015، ل 110). كەواتە ئێمە ناكرێت لە دەرەوەی (دازاین) باس لە تێگەیشتن بكەین، بە واتایەكیتر تێگەیشتن سەربەخۆ نیە لە (دازاین) بەڵكو لكاوە بە بوونی (دازاین)ەوەو ناكرێ لێی جیابكرێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی بیركردنەوەی (ڕێنێ دیكارت)ە، كە بنەمای كۆجیتۆكەی لەسەر بیركردنەوەو تێگەیشتنی پێشوەختە داناوە، وەك لە جەوهەری كۆجیتۆكەدا هاتووە ((من بیردەكەمەوە، كەوابوو من هەم.))، واتا بەبێ بەهای بیركردنەوە كە لە پێش بوونەوە دانراوە، من ناتوانم هەبم، بوونم بەستراوەتەوە بە بیركردنەوە، كە پتر ڕەهەندێكی ئەبستراكتی هەیەو لە دیدی دیكارت دا سەرچاوەكەی بریتیە لە ڕەب. لێرەدا كێشەی (بوون و ماهیەت-چیەتی) دێتە پێشەوە، بەپێی بیركردنەوەی دیكارت ماهیەت لە پێشبوونەوە دێت، بەڵام لەدیدی ئێگزیستەكان و لەناویشیاندا هایدیگەر، بوون لە پێش ماهیەتەوەیە، بۆیە تێگەیشتن و بیركردنەوە شتێك نین لە دەرەوەی بوونی (دازین) و لە پێش بوونیەوە بن. ((لەو كارەكتەر و خەسڵەتەی دازایینەوە دوو خاڵ دەكەونەوە: یەكەم: گەوهەری بوونەوەرەكە لە بوونی خۆیدایە. دەبێ چیەتی (ماهیەتی) ئەو بوونەوەرە، ئەوەندەی بكرێ قسەی لێ بكرێ، بەهۆی بوونەكەیەوە پەی پێ ببرێ. دووەم: گەوهەری دازاین لە بوونەكەیدایە...... بەو پێیە ناونیشانی (( دازاین )) كە ئێمە ئەو بوونەوەرەی پێ نیشان دەدەین، دەستنیشان دەكەین، چیەتیەكەی ، وەك مێز ، خانوو، درەخت دەرنابڕێ، بەڵكو بە تایبەتی بوونەكەی ناوزەدە دەكات بەو پێیە هایدیگەر دازاین، پێناسە، دیار و دەستنیشان دەكات، لەگەڵا گەوهەردا دەیخاتە نێو دوتای یەك تەرازووەوە و لە چیەتی ( ماهیەت ) essential دایدەبڕێ. دەگاتە ئەوەی بڵێ و بڕیار بدات، كە ئەو بوونەی دازاین دەبێت بە بابەتێك و هی من خۆم دەبێ، بۆیە دازاین هیچ كات و لە هیچ دۆخێكدا نابێ وەك بوونی گشتی ( ئۆنتۆلۆجی ) Ontology تێبگەیشترێ. ئیتر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هایدیگەر لەوە دەگاتە ئەوەی بڵێ لەو ڕەوشەدا دەبێ چەمکی (( ڕاناوی کەسی )) من هەم تۆ هەی بۆ بەکاربهێنرێ. کەوابوو لەم ڕوانگەیەی ئەو فەیلەسوفەوە : دازاین ئەو بوونەوەرەیە کە من خۆمم، بوونەکە هی منە)) (عەزیز 2013، ل 183-184). هەموو ئەمانە بەیەکەوە بوونی ڕەسەن و دانسقە بۆ (دازاین) پێکدەهێنن، بۆیە (دازاین) لەناو کۆیی هەبووەکاندا خاوەن بەرپرسیارێتیەو ئەرکی لەسەرشانە، ئینجا لێرەدا کاتێك (دازاین) بەرپرسیارێتی هەڵناگرێت و ناچێتە ژێرباری ڕەسەنیەت، لەوێدا بە شت و بەگشتی ئەبێت، دادەبڕێت لە بوونە جەوهەرییەکەی خۆیی و بەرەو ئەوە ئەچێت لەنێو هەبووەکانی تردا بتوێتەوە یان یان نامۆ ببێت بە بوونەکەی، ((لەو فۆڕمەیدا لە هەموو ئەو بەهاو خەسڵەتانە دوورە، بەڵکو بوونێکە پتر بە گشتی کراوە و لە بۆتەکەیدا توێنراوەتەوە، ڕاستە وەك دازاین هەیە و ئەژیت، بەڵام هیچ ڕۆڵێك ناگێرێت، پتر چاوەڕوانی بڕیار و داخوازی ئەوانی ترە و دووبارەکردنەوە و لاسایکردنەوەی ژیان و کرداری ئەوانە. خۆی لەگەڵ جەماوەردا دەگونجێنێت و ڕەشەبای مۆدە و گوتاری گشتی لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن و هەرچیەك بدرێت بەسەریدا وەریدەگرێ و لەبەرامبەر تەوژمی شەپۆلی گشتدا هیچ بەرگری و کاردانەوەیەکی نییە.)) (مصطفی 2016، ل 56). یاخود وەکو هایدیگە لە کتێبی بوون و کاتدا لەو بارەیەوە دەڵێت: ((ئەوەی ئاشکرایە دازاین لە داگیرکردنەکەی لەلایەن کەسانی دیکەوە و لە بوونی –لەگەڵ ئەواندا بێ ئاگایە. دازاین [ لێرە] دەبێت بە ئەوان و دەستەڵاتی ئەوان سەقامگیر دەکات.). (هایدیگەر 2013، ل 195). بەمجۆرە، هایدیگەر دەخوازێت (دازاین) بەردەوام بە ئاگاییەوە لەگەڵ دەورووبەریدا هەڵسوکەوت بکات، ڕێگە نەدات ئەوانیتر یان بوونی دەورووبەر داگیری بکەن و لە پرسیارکردن و گومانکردن و نیگەران بوونی بخەن، چونکە کاتێك (دازاین) هیچ نیگەرانیەکی نیە، واتا بوونی خۆشی بۆ گرنگ نیەو هیچ خەم و پرسیارێکیشی نیە، بەڵکو ئەوەی بۆی گرنگە مانەوەو بەردەوامیەتی لەگەڵ شەپۆلە گشتیەکەدا، کە ئەمەش پتر لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوی دەدات کە بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان کیشراوەو جیاوازییەکی لەنێوانماندا نەهێشتۆتەوە، بەڵکو هەمووان بە یەك جۆر ئاراستە دەکات و یەك ڕەنگمان دەکات. ئەکرێ جیهانی ئەمرۆ (جیهانی سەرمایەداری و تەکنەلۆجیا)، بەو جیهانە ناوبهێنین کە مرۆڤ تێیدا نارەسەن بووەو لە بیرکردنەوەو ئاگایی و نیگەرانی کەوتووە. ((لەم سەردەمەدا کە تێیدا سەرمایەداری لە ڕێگەی میدیا و تەکنەلۆجیاوە بە تایبەتی ئەنتەرنێت دەستەڵات و هێزی بەسەر هەموو کون و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگا و ژیانی خەڵکدا دەشکێت، ئاسان نییە مرۆڤ بتوانێت ببێت بە دازاینێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەسەن و بتوانێ ڕووبەڕووی ئەو تەوژمەی سەرمایەداری ببێتەوە، کە ئەو تۆمەتە دەخرێتە پارسەنگیەوە، گوایە هیچ بەهاو پیرۆزیەك بۆ مرۆڤ ناهێڵێتەوە، بەڵکو هەموو شتێك لە بازاردا وەك کاڵایەك کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت و هەمووان لە چوارچێوەی تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیدا، کە پێی دەگوترێ سیستەمی بەڕێوەبردن و دەوڵەت کۆت و بەند دەکرێن، ئەستەمە لە دەرەوەی ئەم سیستەمە ژیان ئاسایی بەسەر ببرێت و بیربکرێتەوە، دەوڵەت پێشوەختە لە جیاتی تاك بە تاکی کۆمەڵگا و لە ڕێگەی وەرگرتنی ڕای گشتیەوە بە ناوی هەمووانەوە قسە دەکات و بەهاو واتا لە ڕێگەی دەرکردنی یاساکان و سنووردارکردنەوە دیاری دەکات، بەم جۆرەش هەمووان ناچارن وەك یەك بیر دەکەنەوە و دەدوێن.)) (مصطفی 2016، ل 56). مرۆڤ پێویستی بە شۆڕشێکی سەرتاپاگیری هۆشیارانە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو قۆناغە سەختە ببڕێت کە بەهۆی سیستەمی سەرمایەداری و تەکنەلۆجیا تێیکەوتووە، بەڵام بێگومان ئەمە ئاسان نابێ و بەبێ ڕەنج کێشان نابێت، چونکە ئیتر سەرمایەداری و تەکنەلۆجیا بوونەتە خاوەنی بوونی ئێمەو لە جیاتی ئێمە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنەکانمان و خواستەکانمان دەدەن. ئەو سیستەمە دیاری دەکات چ شتێك باشەو چی بپۆشین و تەنانەت چی بخۆین، بە جۆرێك خزاوەتە ناو ژیانمانەوە هەمووان وەك ڕۆبۆتێکی قورمیشکراوین کە هەموو جوڵەیەکمان لە دەرەوەی خۆمانەوەیە، بەم جۆرە لە بوونی ڕەسەنی خۆمان دابڕێنراوین و کەوتووینەتە نێو ڕەوشێك کە فۆڕمی بوونی ناڕەسەن بەسەرماندا زاڵە.

## تەوەری سێیەم: پێشمەرجەکانی بوونی (دازاین).

لە دیدی هایدیگەردا، بوونی (دازاین) بە چەند پێشمەرج و بنەمایەك جیادەکرێتەوەو دەناسرێتەوە، لێرەدا ئێمە هەنگاو دەنێین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پێشمەرجانەی کە دازاین بۆ بوونی پێویستن، _کە ئەکرێ بەم جۆرە پۆلێنیان بکەین.

**باسی یەکەم: بوون لەنێو جیهاندا:** سەرەتایترین بنەما بۆ بوونی دازاین و سەلماندنی بوونەکەی، یان بوونیەتی لەناو جیهاندا، ((بوون- لە نێو- جیهاندا بۆ دازاین وەك پێشمەرجی یەکەم سەرنج دەدرێت، چونکە بەبێ مەرجی بوونی دازاین لە نێو جیهاندا ناکرێت هیچ شتێك بگوترێت و قسە لە بوون و ڕۆڵی دازاین بکرێت، دازاین و بوون- لە نێو- جیهاندا بەیەکەوە بەستراونەتەوەو ناکرێ بەبێ بوونی یەکێکیان

قسە لەویتر بکرێت، ئینجا بوونی دازاین لە نێو جیهاندا تەنیا لەوەدا کورت ناکرێتەوە، کە بوونێکە وەك هەر بوونێکی تر، کە شوێنێکی داگیرکردووە، بەڵکو ئەو بوونە لە هەر بوونێکی تر جیاوازە و بوونێکی خاوەن پرسیارو هۆشیارە، لە یەك کاتدا سەرەنجی بوونی خۆی و سەرنجی بوونەکانی دەورووبەری دەدات.)) ( (مصطفى 2016، ل 57). لەم بارەیەوە سەرنج بۆ تێکستێکی خودی هایدیگەر ڕادەکێشین ((دازاین لە بنەڕەتدا هەبوویەکی دەرەکی نییە؛ شوێنێتی ئەوە ناگەیەنێت، کە بە ڕووداو لە نێو شوێن یان جیهاندایە. هەروەها وەکو بابەتێکی بەردەستیش پەیوەندی بە شوێنەوە نییە. هەردوو ئەم شێوازی بوونە سەر بە هەبووەکانی نێو جیهانن. دازاین بە جۆرێك ( لە نێو ) جیهانە" کە مامەڵە لەگەڵ هەبووەکانی نێو- جێهاندا دەکات. مامەڵەکردنەکەی شارەزایانە و بە نیگەرانییەوەیە.)). (هایدیگەر 2013، ل 169). بوونی (دازاین) لەنێو جیهاندا بوونێك نیە بێ دەربەست و بێ بایەخ بێت، بە واتایەکی تر بوونێك نیە بێ ڕۆڵ بێت و بوون و نەبوونی وەك یەك بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونێکە بە هۆشیارییەوەو بە خەم و نیگەرانیەوە لەنێو جیهاندا ڕۆڵدەگێڕێت، خەیاڵ و وێنا دەکات، دواتر بیرۆکەو پرۆژە بەرهەم دەهێنێت، بەڵام مرۆڤ بەبێ جیهان ناتوانێت ئەمە بکات و پرۆژەکانی پراکتیك بکات، بۆیە ((تاکو مرۆڤ پەیدا نەبێت و لەنێو جیهاندا نەبێت ناناسرێت. ناسینەکە ئاماژەکردن بۆ جەوهەری، وەکو خەسڵەتێکی نەگۆڕ ناکات، ئەو بەبێ جەوهەر پەیدابووەو بوونێکی (ئەگەراوی) هەیە. مرۆڤ ئەگەری بوونی خۆیەتی نەك جەوهەری بوونی و خۆی بڕیار لەسەر دامەزراندن و بە پڕۆژەکردنی ئەگەرەکان دەدات.)) (کەمال 2014، ل 57). جگە لە مرۆڤ هەرچی شتێکی تر کە لە جیهاندا هەیە هیچ ڕۆڵێك یان کاریگەرییەکیان بەسەر بوونی خۆیانەوە نیەو کاتێك کە باس لە بوونیشیان دەکرێ لە ڕێگەی مرۆڤ (دازاین)ەوەیە، چونکە مرۆڤ (دازاین) واتا و بەها بە هەبووەکانی ناو جیهان دەبەخشێ، ناویان بۆ دادەنێت و لەچوارچێوەی پرۆژەو بیرۆکەکانیدا پێناسەیان دەکات، بەڵام لەو نێوەندەدا لەو پەیوەندیەی کە لەنێوان هەبووەکان و (دازاین)دا دروست دەبێ جیهان خاڵی کۆکەرەوەیە، بەبێ جیهان ڕێی تێناچێ ئەمانە بوونیان هەبێ و باسیان لێوە بکرێ. ((کەواتە هیچ مرۆڤێك بەبێ جیهان بوونی نیە، جیهان مانای ئامادەیی مرۆڤ دەگەیەنێت، لە ئەنجامدا بوون و ئامادەیی مرۆڤ یەك دەگرنەوە.)) (خاتەمی 2013، ل 186).

**باسی دووەم: بوون-لەگەڵ:** کاتێك باس لە بوونی مرۆڤ (دازاین) دەکەین لەنێو جیهاندا لە هەمانکاتدا باسی ئەو بوونە لەگەڵ ئەوانیتر یان کەسانی تردا دەکەین، کە پێویستیەکە بۆ ئەو بوونەو مەرجە

بوونەکە لەگەڵ کەسانیتردا بێت، چونکە مرۆڤ لە دیدی هایدیگەردا فۆڕمە گشتیە ئەفلاتونیەکە نیە، بەڵکو بریتیە لە تاکەکەس، ئینجا کاتێك باس لە دازاین دەکرێ لە هەمانکاتدا باس لە تاکە (دازاین)ەکان دەکرێت، واتا چەند تاکەکەس بوونیان هەیە ئەوەندە تاکە (دازاین)- هەریەکەی بە واتاو فۆڕم و بەهۆی خۆیەوە- بوونیان هەیە، کە ئەکرێ لەنێوانیاندا ئاستی و ڕەسەنی و ناڕەسەنی جیاواز بێ. بوونی دازاین لەگەڵ ئەوانیتردا بەمانای توانەوەو کۆتاییهاتنی دازاین نیە. وەك هایدیگەر دەڵێت: ((لە ڕووبەڕووبوونەوەی کەسانی دیکەدا (خۆ) نابێت بە بابەتێکی دەرەکی و لە ئەوانی دیکە دانابڕێت: هەروەها، ئەوانیش بە تەماشاکردنی خۆ بۆ خۆی و دوایی بۆ ئەوان، وەکو لایەنێکی دژ وەستاو جیاناکرێنەوە، لە دەرەوەی خۆدا و لە نێو جیهاندا ڕووبەڕوو دەبنەوە، کە دازاین بە نیگەرانیەوە تێیدا دەژی.)) (هایدیگەر 2013، ل 187). بەڵام نابێت ئەو خاڵەمان لە یاد بچێت، لەگەڵ ئەوەی بوون-لەگەڵ پێشمەرجێکە بۆ بوونی مرۆڤ (دازاین) بەڵام لە هەمانکاتدا بە سروشتی خۆی بریتیە لە ڕووبەڕووبوونەوەو ململانێیەکی درێژخایەن لەگەڵ یەکتریدا چونکە هەر مرۆڤ (دازاین)ێك لەلای خۆیەوە هەوڵی داگیرکردنی ئەویتر دەدات، جا ئەوەی لێرەدا خاڵی جەوهەری و جێی بایەخە بریتیە لە پلان و ململانێی (دازاین) بۆ دەربازبوون و سەرکەوتن بەسەر هێرش و پلانی ئەوانیترداو ڕێگە بگرێت لەوەی داگیر بکرێت و لە بەهاو ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بخرێت، یان بە واتایەکی تر لە پێگەی ڕەسەنیەتەوە بگوازرێتەوە بۆ ناڕەسەنیەت، چونکە هەر کاتێك (دازاین) لەلایەن ئەوانیترەوە داگیر کرا، ئەمە بە واتای لە دەستدانی بەهای ڕەسەنیەتە.

**باسی سێیەم: نیگەرانی**: نیگەرانی یەکێك لەو خەسڵەتانەیە کە ڕاستەوخۆ لە بوونی مرۆڤ (دازاین)ەوە هەڵدەقوڵێ و دێتە کایەوە، هیچ جۆرە بوونەوەرێکی تر نیە هەڵگری خەسڵەتی نیگەرانی بێت، چونکە بەرکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ خودی بوونی خۆی و دواتر بوونی دەورووبەریدا کاردانەوە بە دوای خۆیدا دەهێنێت و بەهۆی خەسڵەتی هۆشیاریەوە پرسیارو گومانی لا دروست دەکات، دەیخاتە ڕەوشێکی دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوە، دواتر هەموو ئەمانە لە فۆڕم و خەسڵەتی نیگەرانی لە ژیانی مرۆڤدا ڕەنگ دەدەنەوە. ((مرۆڤ هەر لەو کاتەوەی لەسەر زەمین دروست بووە و هۆشیاری دەربارەی خۆی پەیداکردووە، هەوڵیداوە پەیوەندی بگرێت لەگەڵ ئەو ژینگەیەی لە دەورووبەری بووە، لە میانەی هەوڵدان بۆ تێبینیکردنی سروشت و ناسینی نهێنیەکانی و ئەو هێزانەی بەسەر دیاردەکانیەوە باڵا دەستن لەم هەوڵدانەشدا چەندین جۆری جیاوازی لە بیرکردنەوە کە لەگەڵ ئاستی هۆشیاریەکەیدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گونجاوە بەکارهێناوە.)) (عەبدولجەبار 2010، ل 31). لە دیدی هایدیگەردا، ئەگەر دازاین بەشێوەیەکی سروشتی گوزارشتی لە بوونی خۆی کردو بە دوای نهێنیەکانی بووندا گەڕا، هەروەها لە پرسیار نەکەوتوو و هۆشیارییەکەی خۆی پراکتیك کرد، ئەنجامەکەی لێکەوتنەوەی نیگەرانیە، بۆیە لە دیدی هایدیگەردا، (( نیگەرانی حاڵەتی بوونی دازاینە، تێیدا ئەگەرە فرە جۆرەکانی بەو جیهانەوە بایەخی پێدەدات دەبەستێتەوە و بوونی ڕەسەنی خۆی تێدا دەبینێت. بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا نیگەرانییە لە بووندا.)) (هایدیگەر 2013، ل 191). لێرەوە بەبێ لێکەوتنەوەی نیگەرانی مەحاڵە باس لە بوونی ڕەسەنی دازاین بکەین، ئەمە بەو واتایەی کە لە بوونی نارەسەندا ناکرێ نیگەرانی بکەوێتەوە، چونکە لە خۆیدا کاتێك مرۆڤ ئەچێتە پرۆسەی یان ڕەوشی نارەسەنبوونەوە، لە هەمانکاتدا دادەماڵدرێ لە نیگەرانی، چونکە ئیتر شتێك نیە بۆی نیگەران بێ و پرسیارێك نیە لە هزریدا تا نیگەرانی بکات، چونکە لەو ڕەوشەدا دازاین هۆشیاریی-ئاگایی لە کار دەخات و بوونەکەی ئەبێت بە بەشێك لە گشت کە بریتیە لە بوونێکی دووبارەو بێ واتا. هایدیگەر لە شوێنێکی تری بوون و کاتدا لەبارەی پێشمەرجی نیگەرانیەوە دەڵێت: (بوونیادی نیگەرانی بە کۆکردنەوە پێکنایەت و خۆی دروست دەبێت لە هەڵسەنگاندنی ئەم ئاکامە ئۆنتۆلۆجییەدا دەبێت بزانین چۆن بۆ ڕاڤەکردنی دازاین بەکاردێت لەم تێرامانەوە دەردەکەوێت و تەواوای رەسەنانەی- بۆ-بوون هێشتا نەبووە بە بابەتی توێژینەوە، بەڵام بونیادی نیگەرانی بۆ تێگەیشتن لە سەرجەمی بوونی دازاین دەبێت بە زەمینە.)). (هایدیگەر 2013، ل 414).

یەکێك لەو هۆکارانەی یان لەو بنەمایانەی لەچوارچێوەی بوونی (دازاین)دا هۆکارە بۆ نیگەرانی (دازاین) بریتیە لە بابەتی (مردن). بێگومان مردن لە فەلسەفەی ئێگزیستێنتیالیزمدا بەگشتی بابەتێکی گرنگ و جێگای بایەخە، بۆیە جێگای سەرنجی زۆربەی ئێگزیستەکان بووە، چ لە ڕەوتی باوەڕدار بێ یان بێ باوەڕ، بەڵام پتر لە فەلسەفەی هایدیگەرو سارتردا ڕەنگیداوەتەوە. ((دازاین وەکو تەواناییی بۆ-بوون، ناتوانێت واز لە مردن بهێنێت. مردن ئەگەری حەتمیەتێکی ڕەهای بوونی دازاینە. کەوابوو، مردن ئەگەری خودی دازاینە، لە پەیوەندی بەدەرەو ناتوانین لێیبەرینەوە. لەم ڕووەوە مردن حەتمییە. ئەگەری بوونی لەسەر خۆ- دەرخستنی دازاین و شێوازی خۆ-ڕەتکردنی ئەم هەبووە پەیدا دەبێت. لە بونیادی نیگەرانیدا خەسڵەتێکی کۆنکرێتی گرنگ بە بوون- ڕووەو- کۆتاییەوە هەیە. دیاردەی بوون- ڕووەو-کۆتایی تیایدا دەبێت بە بوون ڕووەو ئەو ئەگەرە تایبەتمەندەی دازاین، کە لێرەدا باسی دەکەین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم ئەگەرە لە پەیوەندی بەدەرەو وازلێنەهێنراوە. دازاین لەنێو ڕووداوەکانی بوونیدا وەدەستی ناهێنێت، بەپێچەوانەوە پەیدابوونی دازاین فڕێدانێتی بۆ نێو ئەم ئەگەرە. دازاین لە نزیکەوە یان دوورەوە بیردۆزەییانەش زانینی سەبارەت فڕێدانەکەی بۆ نێو مردن نییە و نازانێت مردن بە بوونی- لەنێو- جیهانەوە بەستراوە.)) (هایدیگەر 2013، ل 344)، لەو بارەیەوە جیاوازییەکی جەوهەری لەنێوان هایدیگەرو سارتردا هایە، چونکە هایدیگەر پێیوایە مردن پرۆسەیەکە (دازاین) پێی هۆشیارەو لە چاوەڕوانی هاتنیدایەو خۆی بۆ ئامادە دەکات یان بەرەو ڕووی دەچێت، بە واتایەکی تر مردن بەشێکە لە بوونی مرۆڤ و ناتوانێت خۆی لێ لابدات یان لە بیر خۆی بباتەوەو وەك شتێکی نەبوو لێی بڕوانێت. ئەم بابەتە لە جیهاندیدی فەلسەفیانەی سارتردا بە پێچەوانەوەیەو بۆچوونی سارتر لەسەر بابەتی مردن زۆر جیاوازە لە هایدیگەر، هەروەها لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییانەوە لەبارەی مردن لەسەرنج دەخاتە سەر بۆچوونەکانی هایدیگەر، لەو بارەیەوە لە کتێبی "بوون و نەبوون"دا دەڵێت: (ئێمە دژی بۆچوونەکەی هایدیگەر بەو ئاکامە دەگەین، کە مردن دوور لەوەی ئەگەرێکی تایبەتی من بێت، فاکتۆرێکی هەڵکەوتووە، کە لە من ڕادەکات و لە بنەڕەتیشدا سەر بە فاکتۆری بوونمە. نە دەتوانم مردنم بدۆزمەوە نە چاوەڕوانیش بم. ئەو شتەیە خۆی بە نەناسراوی دەهێڵێتەوەو هەموو چاوەڕوانیەکان پوچەڵ دەکاتەوە. هەموو هەڵوێستەکان چەقوەستاو لە دەرەوەی خۆیەتیدا ڕادەگرێت و کەسانی دیکەش واتایان پێدەبەخشن. مردن، وەکو لەدایکبوون فاکتۆرێکی ڕووتە؛ لە دەرەوە بەرەو بوونی ئێمە دێت و ئێمەش دەکات بە شتێکی دەرەکی.). (سارتر 2011، ل 547). بەمجۆرە سارتر پێیوایە ئێمەی مرۆڤ ناکرێ چاوەڕێی مردن بکەین، ئەگەر وابێت ژیانمان تاڵ دەبێت و هەمووی دەبێت بە پرۆسەیەك کە تێیدا مردن دەبێت بە بابەتی سەرەکی و ئەو کات مرۆڤ دەبێت بە بوونەوەرێکی مەرگ دۆست، بۆیە پێویست نیە ئێمە بوونی نمونەیی خۆمان بخەینە ڕەوشێکی بەو جۆرە. بە واتایەکی تر مردن پرۆسەیەکی لەناکاوە، نەك بابەتێك بێ لە کات و ساتی دیاریکراوداو بە پلانەوە ڕووبدات، بۆ نمونە زۆرجار کەسانێك کە زۆر گەنجن مردنیان دەکەوێتە پێش کەسانێکی پیر، ئەمەش واتا ئەگەر بەپێی چاوەڕوانی بوایە یان مردن بابەتێك بوایە بە پلان و بە ڕێکوپێکی ڕوویدا بوایە، ئەبوایە کەسانی پیر بەپێی ئاستی تەمەن پێش کەسانی گەنج مردبان، بەڵام زۆرجار ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام

بابەتی بوون یەکێك لە گرنگترین بابەتەکانی بواری فەلسەفەیە، کە مرۆڤ لە مێژووی پەیدابوونیەوە سەرنجی داوەو لەچوارچێوەی فەلسەفەی یۆنانیدا بەشێوەیەکی فەلسەفەیی و لەسەر بنەمای لۆجیك و زانست لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە کردووە، کە بێگومان، ڕوانینە پێشینەییەکانی مرۆڤ لەو بوارەدا هەر لە قۆناغی ئەفسانەوە تاوەکو قۆناغی شیعرو ئایین، کۆمەکیان کردووە بە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان لەو بوارەدا، چونکە بوونەتە ڕێگا خۆشکەرو دەروازەیەك بۆ ئەم بابەتە.

یۆنانیەکان بە پشت بەستن بە میتۆدێکی وردی فەلسەفییانە کە پشت بە تێڕامان و ئەزموون و لێوردبوونەوە دەبەستێت لێکۆلینەوەیان کردووە، (تالس) وەك یەکەم فەیلەسوف لەو بوارەدا ناوی تۆمار کراوەو دواتریش ئەو پرۆسەیە بەردەوامی هەبووە تاوەکو دەگات بە (ئەرستۆ) کە بە کۆکەرەوە یان بەشیکەرەوەی تەواوی فەلسەفەی پێش خۆی دەناسرێ و ئەمەشی لە هەردوو کتێبی فیزیك و مێتافیزیك بە وردی دەربڕیوە، کە لە دوای خستنەڕووی بۆچوونە فەلسەفیەکانی پێش خۆی، لە هەمانکاتدا شیکردنەوەو ڕەخنەو بۆچوونی خۆی لەو بوارەدا خستۆتەڕوو.

لە دوای فەلسەفەی پەتی یۆنانی و هاتنی هەر سێ قوتابخانەی فەلسەفی (ڕیواقی، ئەپیکۆریزم، کەلبی-گومانگەراکان) و دواتریش نیوئەفلاتونی و فەیلەسوفە مەسیحیەکان پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە بابەتی (بوون) لە ڕووکەشدا بە شێوەو فۆڕمی جیاواز بەردەوامی هەبووە، بەڵام لە جەوهەردا لەسەر هەمان هێڵی یۆنانی بەردەوام بووە، تەنانەت کە فەلسەفەی نوێ، هەڵگری وشەی (نوێ)یە، بەڵام جیاوازییەکی ئەوتۆی جەوهەری تێدا نەخراوەتەڕوو، بە تایبەتی لە ڕەهەندی ڕەوتی ژێرەکیدا. ئەوەی جێگای بایەخ بێت و بە جۆرێك لە نوێبوونەوە سەرنج درا بێت بریتی بووە لەو ڕوانین و بۆچوونانەی لە چوارچێوەی ڕەوتی ئەزموونی-هەستەکیدا خراونەتەڕوو.

لە دوای فەلسەفەی نوێ و بە دەستپێکردنی یان سەرهەڵدانی فەلسەفەی هاوچەرخ-سەردەم، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بارەی بابەتی بوونەوە هاتۆتە ئاراوە، کە ئەویش پتر لەچوارچێوەی ڕێبازی فەلسەفەی ئێگزیستێنتیالیزم-بوونگەراییدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم ڕێبازە فەلسەفیە دەستپێکەکەی لەلایەن (سورێن ئابای کیرکیگارد)ەوە بووە، کە فەلسەفەکەی بریتی بووە لە پەرچەکردارێك یان نوێبوونەوەو شۆڕشێك لە بەرامبەر فەلسەفەی (هیگڵ)دا. چونکە بنەڕەتی فەلسەفەی هیگڵ پێداگری

بووە لەسەر سیستەمێکی باڵای بوون کە ڕۆحی باڵا ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت و هەموو شتێك لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، واتا هیچ شتێك لە دەرەوەی ئەم سیستەمە نیە، بۆ نمونە تاکەکەس لەو چوارچێوەیەدا هیچ جۆرە بەهاو واتایەکی نیە، ئەمە وایکردووە ڕابەری فەلسەفەی ئێگزیستێنتیالیزم-بوونگەرایی کە ڕۆڵی بنەمای و جەوهەری بە تاکەکەس دەدات، بە تەواوی فەلسەفەی هیگڵ ڕەتبکاتەوە.

ئەم بابەتە درێژبۆتەوەو لەچوارچێوەی فەلسەفەی هەموو فەیلەسوفە ئێگزیستەکان-بونگەراکان بە هەردوو ڕەوتی باوەڕدارو بێ باوەڕەوە ڕەنگدانەوەی هەبووە. هایدیگەر وەك یەکێك لە کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی ئەو ڕێبازە، لەچوارچێوەی کتێبی "بوون و کات"دا لەم بوارەدا بۆچوون و سەرنجە فەلسەفیەکانی خۆی خستۆتەڕوو.

لەم بارەیەوە هایدیگەر پەنای بۆ چەمکی (دازاین) بردووەو بنەما فەلسەفیەکانی خۆی لە ڕێگایەوە شیکاریی کردووە. هایدیگەر ئەو چەمکەی بە واتای (بوون-لێرە) بەکارهێناوە، کە گوزارشتە لە بوونی مرۆییانە کە لەم جیهانەدا بە هەموو خەسڵەتە نمونەیی-دانسقەکانیەوە، جیاواز لە هەر جۆرە بوونێکی تر بەردەوامی بە بوونی خۆی دەدات.

لە بۆچوونی هایدیگەردا دازاین بەهۆی ئەو خەسڵەتە نمونەیانەی توانیویەتی ببێتە بوونی تاقانەو بێ هاوتا، بۆ ئەم مەبەستە چەند خەسڵەتێکی وەکو بوون لەگەڵ ئەوانیتر و بوون بە نیگەراینەوە وەردەگرێت، کە تەنیا بوونی دازاین هەڵگریانەو بوونەکانی تر بەهۆی نەبوونی خەسڵەتی هۆشیاریی و گوزارشتکردن لە خودو لە جیهانی دەورووبەر خاوەنی نین.

هەروەها لەپاڵ ئەم خەسڵەتانەدا ئاماژە بە هەردوو خەسڵەتی (بوونی ڕەسەن و نارەسەن) دەکات، کە بەهەمان شێوە تەنیا بوونی (دازاین) هەڵگری ئەم دوو خەسڵەتەیە. بوونی ڕەسەن گوزارشتە لە فۆڕمی ڕاستەقینەی دازاین، ئەو فۆڕمەی تەنیا خۆیەتی و بە دوورە لە کاریگەری ئەوانیترو لەناو گشت و گروپدا نەتواوەتەوە، یاخود ڕێگەی نەداوە بوونی لەلایەن ئەوانیترەوە داگیر بکرێت، بەڵام بوونی نارەسەن بوونێکە بە پێچەوانەوەیەو بەپێی ڕێنمایی و بەرنامەی گروپ و ئەوانیتر هەنگاو دەنێت، بە واتایەکی تر خۆی بوونیادنەری بوونی خۆی نیەو هەڵگری ئەو بوونەیە کە ئەوانیتر بۆی دیاری دەکەن و نەخشەی بۆ دەکێشن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سەرچاوەکان:**

جولفية ,ريجيس .1988 .*المذاهب الوجودية، ت:* فؤاد كامل .بيروت :دار الاداب.

خاتەمی ,مەحمود .2013 .*سەرەتایەك لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخ، و:*سەعید کاکی .هەولێر :دەزگای ئاوێر.

سارتر ,جان پول .2011 .*بوون و نەبوون، و:* د.محەمەد کەمال .سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ستراتێرن ,پۆل .2015 .*ئاشنابوون بە هایدیگەر،و:* کۆمەڵێك وەرگێر .سلێمانی :دەزگای ئایدیا.

سیوەیلی ,ڕێبوار .2020 .*ترسان لە فەلسەفە* .چ 3.هەولێر :بەرهەمی هاوبەشی ماڵی وەفایی و ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتووری.

2012. ـــ*فەلسەفەی پێشسوکرات* .هەولێر :دەزگای زەریاب.

عبدولجەبار,نەبیل عبدولحەمید .2010 .*فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت* .هەولێر :چاپخانەی رۆژهەڵات.

عبدولعەزیز ,فواد کامل .2005 .*چەند فەیلەسوفێکی بوونگەرا، و:* سامان عەلی حامد .سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

عەبدولجەبار،نەبیل عەبدولحەمید .2010 .*فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ، و:* هاوار محەمەد .هەولێر : چاپخانەی رۆژهەڵات.

عەزیز ,حەمید .2019 .*لە فەلسەفەی سروشتەوە بەرەو فەلسەفەی زانست* .هەولێر :دەزگای ئاوێر.

2013. ـــ*مێتافیزیك ڕەهەندو ئاسۆ* .هەولێر :دەزگای ئاوێر.

عەزیز،حەمید .2008 .*سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان* .چ 3.هەولێر :دەزگای ئاوێر.

قەزاز ,ئازاد .2010 .*سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی ئایین* .هەولێر :پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەو دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردەوە.

کەمال,محەمەد .2004 .*بوون و داهێنان* .سلێمانی :دەزگای سەردەم.

2014. ـــ*فەلسەفەی بوون* .سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

2015. ـــ*فینۆمینۆلۆجی* .سلێمانی :لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کۆچ.

2016. ـــ*مێتافیزیکی ئەرستۆ* .سلێمانی :دەزگای سەردەم.

2007. ـــ*هایدیگەرو شۆڕشێکی فەلسەفی* .سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

مصطفى ,همداد محمد» .2016 .ڕەهەندەکانی چەمکی مرۆڤ لە فەلسەفەی ئێگزیستێنتیالیزم دا "سارتر وەك نمونە «. ."هەولێر :نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێری ئاداب-بەشی فەلسەفە.

نوسەر ,کۆمەڵێك .2018 .*مارتن هایدیگەر، و:* شوان ئەحمەد .سلێمانی :دەزگای ئایدیا.

هایدیگەر ,مارتن .2013 .*بوون و کات، و:* د.محەمەد کەمال .سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەحمەد ,شوان .2014 .*فەلسەفەی مارتن هایدیگەر (گفتوگۆ لەگەڵ د.محەمەد کەمال* .(سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ئەرستۆ .2008 .*مێتافیزیك، و:*محەمەد کەمال .سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

## The Dimensions of Being in Heidegger's Philosophy

**HazhanMala Hamadameen**
Dipartment of Philosophy, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Hazhan.hamadameen@su.edu.krd

***Keywords****: Being, dasein, human, Dimention, Heidegger*

## Abstract

In this study, we will try to discuss the topic of "being" in Heidegger's view. Heidegger uses the concept of " *Dasein*" to describe the topic of "being." The topic of "being" was also important in Greek philosophy. Philosophy from the beginning, the first problem that has been researched and debated has been the problem of (being). It also appears in the first step (Thales) and his students, and continues throughout the history of philosophy. But from one stage to the next, due to the differences of opinion of the philosophers on this subject, different values will be given to the concept. For example, in the golden age of Greek philosophy (Socrates, Plato, and Aristotle), "being" takes the form of dualism, and is derived from its original form. From this point of view Heidegger raises the question of the 'meaning of being', which he considers forgetful and seeks his own existence. Heidegger argues that "being" does not have two distinct forms, but one that has a dimension that "*Dasein*" conveys. Heidegger's method, which is based on the introduction of a new study of "being" as a method based on phenomenology, establishes a fundamental ontology. In other words, Heidegger was the first philosopher to claim that being in its own right was unchallenged and cut off. That is why the attempt to return to ontology is so important. In this study, we discuss a number of different perspectives on the topic of "being" and its meanings in Heidegger's philosophy.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ابعاد الوجود في فلسفة هايدجر


## ملخص

في هذه الدراسة ، سنحاول مناقشة موضوع "الوجود" من وجهة نظر هايدجر. يستخدم هايدجر مفهوم "الدازاين" لوصف موضوع "الوجود ."كان موضوع "الوجود" مهما أيضا في الفلسفة اليونانية. الفلسفة منذ البداية ، كانت المشكلة الأولى التي تم بحثها ومناقشتها هي مشكلة (الوجود). كما يظهر في الخطوة الأولى (طاليس) وطلابه ، ويستمر عبر تاريخ الفلسفة. ولكن من مرحلة إلى أخرى ، وبسبب اختلاف آراء الفلاسفة حول هذا الموضوع ، سيتم إعطاء قيم مختلفة للمفهوم. على سبيل المثال ، في العصر الذهبي للفلسفة اليونانية (سقراط ، أفلاطون ، وأرسطو) ، تتخذ "الوجود" شكل الثنائية ، وهي مشتقة من شكلها الأصلي. من وجهة النظر هذه ، يثير هايدجر السؤال عن "معنى الوجود" ، الذي يعتبره منسيا ويسعى إلى وجوده. يجادل هايدجر بأن "الوجود" ليس له شكلين متمايزين ، ولكن شكل له بعد ينقله "الكينونة."

منهج هيدجر ، الذي يقوم على تقديم دراسة جديدة لـ "الوجود" كمنهج قائم على الفينومينولوجيا ، يؤسس علم الوجود الأساسي. بعبارة أخرى ، كان هايدجر أول فيلسوف ادعى أن كونك في حد ذاته أمرا لا يمكن الاعتراض عليه ومنقطعا. هذا هو السبب في أن محاولة العودة إلى الأنطولوجيا مهمة للغاية. في هذه الدراسة ، نناقش عددا من وجهات النظر المختلفة حول موضوع "الوجود" ومعانيه في فلسفة هايدجر.